# ڕۆژنامەی ئێلێکترۆنی

فــەهــد گــردەوانــی
2005/4/25ستۆکهۆڵم

ناکرێ بەیادی 108 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی ، باسی ئەو هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە نەکەین کە ئینتەرنێتی داگیر کردووە ...بە هەموو کەموکوڕییەکانی خزمەتێکی گەورەیە بە ئەدەب و فەرهەنگ و هونەر و زمان و مێژوو و دیمەن و...هتد بۆ کورد و کوردستان ، کە ئێمە تا ئەمڕۆ خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نین و دەزگایەکی ئاژانسی دوەلیمان نیە...مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانی ئەو کەمە زانیارییانە




بەدەست بخات کە لەو سایتانە بڵاودەکرێتەوە...گومانی تێدانیە کە هەندێک نووسراو تەعبیر لە بیروڕای کەسەکان دەکات کاتێک بە جنێو و قسەی ناشرین دەروونی خۆیان پاک دەکەنەوە یا
هەوڵدەدا ڕووی سپی نیشان بدات و ئەوانەی بەرامبەری دەموچاو ڕەش بکاتەوە...ئەمانەش بێگومان نابنە پێشڕەوی نووسین و ڕۆژنامەنووسی کوردی هەتا ئەگەر ڕۆژانەش بڵاوبکرێنەوە...زمان وئەدەب و فەرهەنگی کوردی زۆر لەو نووسینە ڕەنگزەردانە گەورەتر و پیرۆزترە ...ئەوانەی خۆیان ماندوو دەکەن لە پێناوی گەیاندن و پەخش کردنی زانیاری و رای ڕاست بۆ ئەوەی جەماوەر و خەڵک لەخۆی کۆبکاتەوە ، ئەو دەنگانە هەربەزیندووی دەمێنیتەوە و هەردەم لەو خزمەتە بەردەوام دەبێت کە میللەتەکەی بە ریزەوە سەیری دەکات...ئەو پەیڤانە دەژین و جێگای تایبەتی داگیردەکەن ، بەڵام جنێو و قسەی ناشرین لە دڵی خەڵک شوێن داگیرناکات و لەگەڵ ڕۆژی بڵاوبوونەوەی دەمرێت...ئەو لاپەڕە ئەلەکترۆنیانە {سایتی ئەلەکترونی}من وەکو {{{{تابلۆی {لەوحەی}ڕاگەیاندن یان ئاگاداری یان ڕیکلام}}}} دەبینم ئەگەر بڵێم لوحەاعلانات{بە ئینگلیزی [notice board] بە ئینگلیزی ئەمریکی [bulletin board] بە فەرەنسی [tableau daffichge] بە سوێدی [anslagstavla] ...ئەگەر بۆ کوردییەکەی تابلۆی

ئاگاداریەکان یان راگەیاندن یان ئاگادارکردنەوە بەکاربهێنم ئەوا مەبەستم ئەوەیە بەوە بیچوێنم کە لە سوید بەتایبەتی و لە گشت ئەورۆپا  بە گشتی لە هەر کۆڵان و شەقام و دوکان و بازار و شوێنە

گشتیەکان تەختەیەکی ئاگاداری یان راگەیاندن هەڵدەواسن تۆش وخەڵکی تر دەچن بە پارچە کاغەزێک ئەوەی بتەوێ تێدا دەنووسی و هەڵیدەواسی بۆ نمونە ئەگەر پشیلەیەک یا سەگێک یا کۆنە عارەبانەیەکی منداڵان یا کەوش و جلی منداڵان یا قاپوقاچاغ یا ئوتۆمۆبیل یا و یا هەرشتێکت هەبێت بفرۆشی یا بیبەخشیەوە ئەوا هەڵیدەواسی و ژمارەی تەلەفۆنتی تێدایەوە ئەوەی پێویستی بە داوایەکانت هەبێت پەیوەندیت پێوەدەکات...ئەگەر خانوەکەشت بگۆڕیەوە یا بەکری بدەیت هەر لەو تابلۆیە بلاویدەکەیەوە...جار جارە کۆبونەوەی کەنیسە و سیاسەتمەدار و کۆمەڵ و رێکخراوی گەرەک و




شاراوانیەکەشی تێدا بلاودەکرێتەوە....ئەو سایتە کوردیانەش هەر لەو {نۆتیسبوردە} دەکات و ئەوەی دێت شتەکی پێوەهەڵدەواسی{دەنووسێ}جا با راگەیاندنی سیاسی بێت یا وتاری ئەدەبی یا شیعر یا هەواڵی هونەری یا رێکلامی سێدی و کاسێتی مۆسیقاوگۆرانی یا وێنەی و تابلۆی کاریکاتێر و پۆستەری جوان یان بابەتی وەرزشی و ریکلامی سەفەر بۆ کوردستان و وتاری جنێو و ناشرین و شتی نوسینی وەرگێردراوی سەقەت و باش ...هتد... ئەوانەی ئەو سایتانە بەرێوە دەبەن بیگومان کارێکی ئیجگار زۆر گەورە و خزمەتێکی بیپایان دەکەن بەڵام ئەو تیکەڵاویە هەتا چەند خوێندەواری کورد بۆ خۆی رادەکێشی و خوێنەری زیاددەبێت ئەوە دەبێ هەر خاوەن سایتەکان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە...بۆ ئەوانەی کە عاشقی نووسین و خوێندنەوەی کوردین ، کاریان ئاسانە تا بتوانن هەواڵ و دەنگوباسی کوردستان وەدەست بهێنن ، ئەو جۆرە رۆژنامانە یا بلاوکراوانە یان دەنگوباسانە ، جاران بەهەزار دەردە سەری چاپ دەکراو بلاودەکرایەوە...ئێمە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا ــ مەرکەزی پراگ ،کە ماوەیەک ئەندامی سکرتاریەت و ماوەیەکیش ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری غستی بووم ، بلاوکراوەیەکمان هەبوو کە هەشت لاپەرەیی بوو، هەتا فۆتۆکۆپی و بە ستێنسل و نووسینەوەی دەستی دەرمان دەکرد، چاومان لەو ساتەبوو کە کارەکان ئەنجام دەدرا و بلاودەکرایەوە، ئەو کاتە کەس رەخنەی لە نارێکی لاپەرەکان و کاڵی نووسین و بلاوکراوەکە نەدەگرد، بەڵکو زیاتر رووی قەڵەم لە ناوەرۆکی بابەتەکان بوو،ئێمەش لەسەر رێبازی حیزب و کۆمەڵەی خوێندکاران ئەو بابەت و دەنگوباسانەمان دەورژاند کە خزمەتی بیروڕا و رێبازی کۆمەڵە بە گشتی و رەنگدانەوەی سیاسەتی پێشکەوتوخواز بەتایبەتی لە و نووسراوانە رەنگی دەدایەوە...گۆڤاری کوردستان کە جارجارە بلاومان دەکردەوە، دەبوایە خوێندکار و خوێندەواری کورد ناسیاوی هەبێت هەتا ژمارەیەکی بەدەست دەکەوت..بۆ لقەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا لە یەکێتی سۆڤیەت..ئەڵمانیای دیموکراتی...پۆڵۆنیا...بولگاریا...یۆگۆسلاڤیا... رۆمانیا . .. هەنگاریا ... چیکۆسلۆڤاکیا ...ئینگلستان...سوید...دانمارک...نەمسا[ئوتریش]...ئەڵمانیای فیدراڵ...بەرلین ...ئیتاڵیا...فەرەنسا...یۆنان...هتد رەوانەدەکرا و ئەوانیش دابەشیان دەکرد و بەسەر ئەندامان بلاویان دەکردەوە ...ئەو نووسینانەی ئەو کاتە تاموچێژەکی تایبەتی خۆی هەبوو...ئێستاکە بەو تەکنیکە تازەیە و بەو هەموو جوانیەی ئەو رەونەق و خۆشیەی نیە...هەزار سلاو لەگیانی کاک کەریمی حسامی



کە سەرنووسەر و بەرپرسیاری سەردەمی نوێ بوو، منیش لەپشت پەردە هاوکاری بووم هەر جارەی بابەتێک گەورەتر کۆپی بکرابایە یا بچوکتر بکرابایە ، بە پەلە دەگەڕایەوە بۆ سەنتەری شار ناو بازار و چەند جارەکی تر فۆتۆکۆپی بابەت و ووتارەکانی دەکردەووە بەبێ ئەوەی یەک جاریش رووی گرژ ببێت و بەخۆشیەوە دەهاتەوە و هەر کە روژنامەکە تەواو دەبوو پێکەکی خۆشیمان بە گیانی ژمارەکە هەڵدەدا و وامان دەزانی ئیتر هەموو رۆژنامەی جیهان لە{سەردەمی نوێ} سەرهەڵدەدەن و دەردەچن...ئەو تێکۆشانەی جاران چەند بەتام و چێژ بوو ئەی ئێستاکە هەر بەو کۆمپیوتەرە بڵێ ئاوا و ئاوا نووسینم دەوێ یەکسەرە بۆت دەردەکا، لەچاو رۆژگاری جاران هیچ ژان و دەردێکی نیە...شاعیران لە دەرەوەی کوردستان خۆیان دووچاری باری رۆژنامەگەری کرد و دەستیان کرد بە دەرکردنی گۆڤاری کوردی ،ئەو گۆڤارانەیان دەردەکرد ، کەمال میراودەلی پەیف...فەرهاد شاکەڵی مامۆستای کورد... رەفیق سابیر رابوون...ناسر حەفید لەدایک بوون...حەمە سەعید حەسەن خەرمانە...هتد... ئەمن دڵم هەر بەو نووسراوانە خۆشە کە زۆر بە سەختی بۆم دەخوێندرایەوە و تامێکی خۆشتری دەدا...دەستان خۆش ئەی ئەوانەی هەر خەریکن خزمەتی ووشەی کوردی دەکەن...سەرفرازە رۆژنامەگەری کوردی.




